کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# ڕاگەیاندراوی چاك لە کەرکوك

پرۆسەی بەدناوی ئەنفال گەورەترین پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزییە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، ئەمساڵ نۆزدە ساڵ بەسەر شاڵاوە دڕندانەکانی ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوەدا تێپەڕ بوو، کە لە 18ی فبرایەری 1988 دەستی پێکردو بەردەوام بوو هەتاکو 6ی سبتەمبەری 1988، لەو هێرشە بەربڵاوو دڕندانەیەدا جۆرەها چەکی قورس و سووك و چەکی ژەهراوی بەکارهێنراو دووسەد هەزار خەڵکی بێتاوانی کوردستان ئەنفال کران و بەسەدان شارۆچکەو دێهاتی کوردستان خاپوور کران، ژمارەیەکی زۆر لە کچ و ژن و منداڵی کورد وەکو کۆیلە بە وڵاتانی عەرەبی فرۆشران.

تاوانباران و جێبەجێکارانی پرۆسەی ئەنفال لە بەردەم دادگاو لێپرسینەوەی تاوانەکانیاندان، بەڵگەو دیکۆمێنت و شاهید حاڵە زیندووەکان بۆ دنیای سەلماندووە کە ئەنفال پرۆسەی جینۆسایدی کوردە. دادگایی و لە سێدارەدان کۆتایی نییە بۆ تاوانەکانی ئەنفال دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین کە ئەنفال و کیمیاباران لە یاسای نێودەوڵەتیدا بە جینۆساید کردنی کورد بناسرێ ڕۆژ بەڕۆژ بارو گوزەرانی کەس و کار و بنەماڵەی ئەنفالەکان بەرەو خراپ بوون دەچێ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نەداونەتەوە، وێڕای ئەمانەش ئەو بڕە پارەیەش کە پێیان ئەدرا کەمکراوەتەوە بۆیە ئێمە بەتوندی دژی ئەو کەمکردنەوەیە دەوەستین و داواکارین کە بە گوێرەی بەرزبوونەوەی نرخی بازار یارمەتی مانگانە بدرێن نەك نەك کەمبکرێتەوە، حکومەتی ناوەندی عێراقی فیدراڵ پێویستە ئاوڕ لە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بداتەوەو یاسای بەجینۆسایدکردنی کورد لەلایەن ڕژێمی هەڵوەشاوەی بەعس کە ئەنجامدرا وەك جینۆساید بناسێ و قەرەبووی مادی و مەعنەوی کەس و کاری ئەنفالەکان بکاتەوە. ئەنجومەن و پارێزگای کەرکوکیش بەرپرسیارن لە دابینکردنی پانتاییەکی گەورەی زەوی بۆ دروستکردنی ماڵێك بۆ ئەنفال و مۆنیمێنتێك، چونکە بەشی هەرە زۆری پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفال لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا ئەنجامدراوە.

**بەرز ڕاگرتنی یادی قوربانیانی ئەنفال ئەرکی هەموومانە**

**کۆمیتەی کەرکوکی ناوەندی هەڵەبجە**
**دژ بە ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان**
**چاك**
2007/4/14